## بۆ / بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان- عیراق
## بابەت / ڕاپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ سەبارەت بە پرۆژە یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری ( دەزگای ڕووناکی )

لیژنەی مافی مرۆڤ ڕۆژانی (٢٠ و ٢١ /٢٠١١/١٢ ) کۆبۆوە بۆ تاوتویٚ کردن‌و دیراسەکردنی پرۆژە یاسای(مافی بەدەست هێنانی زانیارییەکان( دەزگای ڕووناکی)) کە لەلایەن ژمارەی یاسای ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، پاش ئەوەی خوێندنەوەی یەکەمی بۆکراوە لەدانیشتنی ژمارە (٢١) لە ( ٢٩/ ٦/ ٢٠١٠ ) و ئاراستەی لیژنەکەمان کراوە ، دوای گفت‌وگۆو دیراسەکردنی پرۆژەکە، لیژنە ڕای خۆی بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو:

سەرەتا لیژنە پێشنیاز دەکات ناونیشانی یاساکە بگۆڕێت بە( **یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیارییەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق** ).

## ➢ بەشی یەکەم

واتای زاراوەو ئامانجەکان( لیژنە پێشنیار دەکات ناونیشانی بەشی یەکەم سەر لەنویٚ دابرێژرێتەوە بەم شێوەیە ( **پێناسەو ئامانجەکان** ).

**<u>ماددەی یەکەم</u>** : سەر لە نویٚ دارشتنەوەی ماددەکە بەم شێوەیەی خوارەوە.

**مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:-**

یەکەم/ هەرێم :- **هەرێمی کوردستان ـ عێراق.**

دووەم/ پەرلەمان:- **پەرلەمانی کوردستان .**

سیٚ یەم/ دەستە:- **دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمدا.**

چوارەم/ دەزگای گشتی:- **هەموو وەزارەتەکان‌و دام‌و دەزگاکان‌و دەسەلآتی یاسادانان‌و جیٚ بەجیٚ کردن‌و دادوەری‌و هەروەها دەستەی ناوخۆییەکان.**

پێنجەم/ دەزگای تایبەت:- **ئەو دەزگایانەی کە ئیش‌و کاری گشتی بەڕێوەدەبەن یان زانیاری تایبەتی هەیە وەکو ( ژینگە، تەندروستی‌و سەلامەتی گشتی).**

شەشەم/ فەرمانبەر:- **لیژنە تێبینی لەسەر نیە.**
حەوتەم/ بلاوکرنەوە **لیژنە تێبینی لەسەر نیە.**
هەشتەم/ زانیاری:- **بەیاننامەی زارەکی یان نووسراو یان تۆمارەکان و ئامارەکان یان بەڵگەنامەی نووسراو یان وێنەیی یان تۆمارکراو یان هەڵگیراو بەشێوەی ئەلیکترۆنی یان بەهەر ڕێگایەکی تر.**
نۆیەم/ بەڵگەنامە:- **ئەو زانیاریانەی کە تۆمارکراون، بە چاوپۆشین لە شێوازەکەی یان سەرچاوەکەی و مێژووی دەرچوونی یان حاڵەتی یاساییەکەی.**

## • ئامانجەکان

**ماددەی دووەم:**

**لیژنە پێشنیار دەکات بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:**

١- هاوڵاتیانی هەرێم مافی بەدەستهێنانی زانیاریان بۆ دەستەبەرو مسۆگەر بێت لەلای دەزگا گشتی وتایبەتیەکان.
٢- بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و پشتگیریکردن لە پرەنسیپەکانی شەفافیەت.
٣- دابینکردنی کەشێکی لەبارتر بۆئازادی بیرورا،هەروەها ڕاگەیاندن لەڕێگای دەستەبەرکردنی گەیاندنی زانیاری بەهاوڵاتیان.

## ➢ بەشی دووەم

## • دەستە و ڕێگەی دامەزراندنی و دەسەڵاتەکانی

**لەبەر ئەوەی لە ماددەی(یەکەم) دەستە، بە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ ناسێنرا، لیژنە پێشنیار دەکات ماددەکانی (٤،٣ )لێك بدرێت و بەم شێوەیە لە ژێر ئەم ناونیشانەدا دابڕێژرێتەوە:-**
**دەستەی مافی مرۆڤ ئەم ئەرکانەش لە ئەستۆ ئەگرێت:**

١- دەرکردنی ڕاسپاردە بۆ نوێ کردنەوەو پاراستنی بەڵگەنامەکان لەبەر پێویستی گەڕانەوە بۆیان.

٢- ڕاهێنانی فەرمانبەران دەربارەی مافی پێزانین‌و کاراکردنی ئەم یاسایە لەکاتی جێ بەجێکردندا.

٣- ڕێنمایی کردنی دەسەڵاتە تایبەتمەندەکان، لەحاڵەتی دەرکەوتنی بەڵگەی تۆمەتبارکردنی سەرپێچکاران دەربارەی ئەم یاسایە.

٤- وەرگرتنی ئەو سکاڵایانەی لەسەر کەسانی سەرپێچیکار لەم یاسایەدا هاتوون‌و گرتنەبەری ڕێ‌و شوێنی گونجاو لەو بارەیەوە.

٥- لێپیچینەوە لەگەڵ دەستەکان لەحاڵەتی هاتنی سکاڵادا.

٦- ئاراستەکردنی هاوڵاتیان بە باشترین ڕێگا بە پێزانینیان بەو مافانەی کە هاتووە لەم یاسایەو دەرکردنی بڵاوەکراوەی پەیوەندیدار بەم بابەتەوە.

٧- پێویستە هەر شەش مانگ جارێك دەزگا گشتی‌و تایبەتیەکان ڕاپۆرتی خۆیان پێشکەش بە دەستە بکەن.

## ➢ بەشی سێ یەم

## • چۆنیەتی گەیشتن بەم زانیارییەکان

لیژنە پێشنیاز دەکات ناونیشانی بەشی سێ یەم بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە: -

- **(چۆنیەتی بەدەست هێنانی زانیارییەکان)**

**ماددەی پێنجەم:**

دوو ڕا هەیە سەبارەت بە ماددەکە:

❖ ڕای یەکەم پێشنیاز دەکات وشەی (کەس) بگۆڕدرێت بە (هاوڵاتی)و بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

**( هەموو هاولاَتیەك مافی ئاگاداربوونو گەیشتن بەو زانیاریانەی هەیە کە دەستەکانی گشتی لای خۆیانی دەهێلّتەوەو، چەند دانەیەك لەو بەلگە نامانەی دەیانەوێت بەدەستبێنن).**

❖ ڕای دووەم پێشنیار دەکات مادەکە وەك خۆی بمێنێتەوە.

**ماددەی شەشەم:**

بڕگەی یەکەم:

ڕای زۆرینەی لیژنە لەگەڵ ئەوەدایە لەبڕی دەستەواژەی (**هەموو کەسێك**) دەستەواژەی( **هەموو هاولاَتیەك**) دابنرێتو بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە:

**(هەموو هاولاَتیەك مافی ئەوەی هەیە داوا پێشکەش بکات بۆ بەدەست خستنی زانیاریەکان لە دەستە گشتی یان تایبەتیەکان لەگەڵ لەبەر چاوگرتنی حوکمەکانی ئەم یاسایە)**

بڕگەی دووەم: **لیژنە تێبینی لەسەر نیە.**

بڕگەی سێ یەم : **لیژنە تێبینی لەسەر نیە.**

بڕگەی چوارەم :

لەسەر ئەم بڕگەیە دوو را هەیە.

رای یەکەم پێی وایە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

رای دووەم لەگەڵ لابردنی ئەم بڕگەکەدایە.

## • بەلّگەنامەکان

**ماددەی حەوتەم:**

لیژنە پیشتگیری لە دەقی ماددەکە دەکات.

## • داواکردنی زانیاریەکان

**ماددەی هەشتەم**: لیژنە تێبینی لەسەر نیە.

## • وەڵام دانەوەی داواکارییەکان

**ماددەی نۆیەم:**

بڕگەی یەکەم: **لیژنە تێبینی لەسەر نیە.**

بڕگەی دووەم: لیژنە پێشنیار دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

**( پێویستە لەسەر دەزگا( گشتیو تایبەتی)یەکان لە حاڵەتی وەرگرتنی داواکاری دەبێت لەکاتی خۆیدا زانیاری بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بدەن).**

## • هۆکارەکانی پێڕاگەیاندنی زانیاریەکان

**ماددەی دەیەم:**

پێشنیاری لابردنی خاڵی (ج) لە بڕگەی (دووەم) دەکەین.

## • بوونی بەڵگەنامە لەلای دەستەیەکی دیکەوە

**ماددەی یانزەم:**

١- بڕگەی (١) لابرێت.

٢- بڕگەی(٢) لیژنە پێشنیازدەکات دەستەواژەی( **فەرمانبەری پرسگە**) بکرێت بە **(فەرمانبەری تایبەتمەند)** بەم شێوەیەش دابڕێژرێتەوە:

( کاتێ فەرمانبەری تایبەتمەند داواکارییەکی بەدەست دەگات، پێویستە جەخت بکاتەوە لەسەرئەوەی کە ئایا دەستەی گشتی بەڵگەنامە داواکراوەی لایە؟ ئەگەر لایان نەبێ ، لای دەستەیەکی گشتی دیکە بێت، هەتا ئەو کاتەی کە ئەو داواکاریە بەکاردێت ، فەرمانبەرەکە ڕوو لە مانەی خوارەوە دەکات).

٣- بڕگەکانی (سێ یەم ، چوارەم) : لیژنە تێبینی لەسەر نیە.

## • پاراستنی بەڵگەنامەکان

**ماددەی دوانزەهەم:**

پێشنیاز دەکەین ماددەکە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

( پێویستە لەسەر هەموو دەستە گشتی یەکان کە بە شێوەیەك ئەو بەڵگە نامەکانیان هەڵبگرن کە ئاسان بێت بۆ چاو پیاخشاندنیان بەپێ ی حوکمەکانی ئەم یاسایە).

## • ڕاهێنانی فەرمانبەران

**ماددەی سیانزەهەم:**

**لیژنە تێبینی لەسەر نیە.**

## • پێشکەشکردنی ڕاپۆرتەکان بۆ دەزگا

پێشنبار دەکەین ناونیشانی ماددەکە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

**( پێشکەش کردنی ڕاپۆرتەکان بۆ دەستە)**

**ماددەی چواردەهەم:**

١- لیژنە پێشنیار دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

**( پێویستە دەزگا ( گشتی، تایبەت)یەکان لەهەموو شتێکداو بەپێ ی حوکمەکانی ئەم یاسایە هەر شەش مانگ جارێك ڕاپۆرتێك دەربارەی چالاکی دەزگاکان بۆ دەستە بەرز بکەنەوەو ڕاپۆرتە زانیارییەکان لە خۆ بگرێت دەربارەی):**

٢- بڕگەی( هـ) بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

**( ئەو ڕاپۆرتانەی بەپێ ی بڕگەی (دووەمو سێ یەم) لەماددی شەشەمی ئەم یاسایە بڵاوکراونەتەوە).**

## • ڕیــز پــەڕەکــان

**ماددەی پانزەهەم:**

بڕگەی دووەم:- لیژنە پێشنیار دەکات خاڵەکان (ج، ز، ح، ط) **لە بڕگەکەدا لابرێت.**

## ➢ بەشــــی چــوارەم

## • حوکمـــە گشتـیـیـەکـــان

## • ڕەســمـــــەکان

**ماددەی شانزەهەم:**

بەپیێ ی بڕگەی(١) لەماددەی(٢٨) لە دەستووری عێراقی فیدراڵ کە تێیدا هاتووە( **نابێت باجو ڕەسمێك بسەپێنرێت یاخود هەموار بکرێت یاخود دابنرێت یاخود ببووردرێت ، تەنها بە پیێ ی یاسا نەبێت)**

لەبەر ئەوە لیژنە پێشنیار دەکات دەقی ماددەی شانزەهەم بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

**( پێویستە ئەو کەسەی کە داواکارییەکە پێشکەش دەکات ڕەسمێك بدات بەبڕی(٢٠٠٠ دینار)ی عێراقی،جگە لە خەرجیەکانی گەڕان.بەمەرجێك ئەو خەرجیانە زیاتر نەبێت لەبڕی نرخی ڕاستەقینەی گەڕان بەدوای زانیارییەکانو ئامادەکردنیو پیێ ڕاگەیاندنی ).**

## • مووچە و خەرجیەکان

**ماددەی حەڤدەهەم:**

لیژنە پێشنیاز دەکات ماددەکە لابرێت، بەو پێیەی کەلە ماددەی (٢)ی پڕۆژەکەدا لیژنە پێشنیاری لادانی دەزگاکەی کردووەو بەرپرسیارێتیەکە بەدەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤی سپاردوە.

## • بەرپرسیاریەتی سزای و مەدەنی

## • ســــــــزاکـــان

**ماددەی هەژدەهەم:**

١- بڕگەی یەکەم:

خاڵی (ج) وشەی (دەزگا) بگۆردرێت بە(دەستە)و بەم جۆرە دابرێژرێتەوە:-

(**بەدەست خستنە ناو کاروباری دەستە**).

٢- بڕگەی دووەم: **دەستەواژەی (پەرلەمان) شوێنی (ئەنجوومەن)و( دەستە) شوێنی(دەزگا) بگرێتەوە:-**

**(سەرباری ئەو سزایانەی لەسەرەوەدا هاتوون، پەرلەمان ئەو رێکارانەی کە گونجاون وەردەگرێ کە لە پەیڕۆی ناوخۆی پەرلەمانو یاساکەیدا هاتوون، دەربارەی چۆنیەتی متمانە کێشانەوە لەپۆستەکانی حکومی، داوای وەرگرتنی راپۆرتەکان لەسەرۆکی دەستەکە).**

# ➢ بەشـــی پێنجەم

# • حـــوکـمـە کـۆتـاییەکـان

**ماددەی نۆزدەهەم:** لیژنە پێشنیازی لابردنی ماددەکە دەکات.

**ماددەی بیستەم:** **لیژنە تێبینی لەسەر نیە.**

**ماددەی بیستو یەکەم:** **لیژنە تێبینی لەسەر نیە.**

**ماددەی بیستو دووهەم:** **لیژنە تێبینی لەسەر نیە.**

## هۆکارە پێویستیەکان

لە پێناوی سازدانی کەشو هەوای لەباری راشکاوی شەفافیەتداو، بۆ دامەزراندنی بناغەگەلێکی پتەوی ئەوتۆ، کە هەموو هاولاتیان چ فەرمی وبەشێوەیەکی نافەرمی بتوانن هەواڵو زانیاری لەدامو دەزگاکانی هەرێمەوە وەربگرن، کە بیروبۆچوونی ئازادی لەسەر دەوەستێ. هەروەها لە پێناوی بەرز کردنەوەی ئاستی گەلی کوردستان لەڕووی زانیاریو لایەنی دیمەکراتیو ، زانینی یاساییەوە بە جۆرێك بتوانێت بەشداری لە برافی پێشخستنو بەهێزکردنی کۆڵەکەکانی سەروەریی یاساییدا، لەسەر بناغەی دیموکراتیەتو پێڕۆکردنی رێگای شفافیەت لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا بکات.

ئەم یاسایە پەسندکرا.

## الاسباب الموجبة لاصدار هذا القانون

بهدف احلال المناخ الملائم للشفافية وارساء الاسس الكفيلة بحصول الاشخاص والمواطنين عامة، على المعلومات الرسمية وغير الرسمية من مؤسسات الاقليم، والتي تتوقف عليها سلامة التعبير الحر، وبغية رفع مستوى شعب كوردستان من الوجهة المعلوماتية والنواحي الديمقراطية والالمام بالجوانب القانونية ، وتمكينه من المسساهمة في انشطة التطوير وتقوية الدعائم القانونية بما يتماشى مع المعايير الدولية الخاصة بمكافحة الفساد على الاسس الديمقراطية، واتباع سبل الشفافية في معالجة الامور فقد شرع هذا القانون.